سودانی ئێنوێنی ڕەوانەکردنی پرۆژەی هێزی ئاسنینی کەربەلا – نەجەف بە دەستی وەبەرهێنان دەدات

ئەمڕۆ چوارشەممە، سەرۆکی ئینجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی، ئاراستەی ڕەوانەکردنی پرۆژەی هێزی ئاسنی کەربەلا- نەجەفی بە دەستی وەبەرهێنان کرد.

نوسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆك وەزیران لە بەیاننامەیەکدا کە دەستی موتەبع کەوتووە، دەڵێت: سەرۆکی ئینجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی، ئەمڕۆ چوارشەممە سەرکایەتی کەبوونەوەیەکی کرد بە بەدواداچوونی پرۆژەی هێزی ئاسنین کە شارەکانی کەربەلای پیرۆز و نەجەفی ئەشرەف بەیەکەوە دەبەستێتەوە. لە کەبوونەوەکەدا وەزیری گواستنەوە و بریکاری وەزیری دارایی و ژمارەیەك ڕاوێژکار و بەڕێوەبەری گشتی فەرمانگە پەیوەندیدارەکان ئامادەی بوون.

لە میانەی کەبوونەوەکەدا سودانی ئاماژەی کرد: بە گرنگی ئەم پرۆژە گرنگە بە دەوڵەت و هاووڵاتیان ، بەتایبەتیش بە شێوەیەکی بەرچاو دواکەوتووە. جەختیشیکردەوە: لە سەر پێویستی کارکردن بە تەپڵاندنی هەر ئاستەنگێکی بیرەکراتی کە ڕێگری لە تێواوکردنی دەکات، هەروەها پرۆژە گرنگەکانی دیکە کە خزمەتگوزاری کاریگەر پێشکەش بە هاووڵاتیان دەکەن و ئاسانکاری بە هاتووچۆ لە نێوان شارە پیرۆزەکان دەکات، هەروەها ئاسانکرای بە زیارەتی ملیۆنی.

سەرۆك وەزیران ڕونیشیکردەوە: پرۆژەکە بەشێکە لە پەداویستییە خزمەتگوزارییەکان لە شارە پیرۆزەکان

و بەشدار دەبێت لە هاندانی چالاکییەکانی کەرتی تایبەت و زیادکردنی کارایی گواستنەوەی هێزی ئاسن.

هەروەها ڕێنمایییشی کرد کە پرۆژەکە ڕێوانەی دەستەی نیشتمانی وەبەرهێنان بکرێت و هەماهەنگی بخرێنە ئەنجومەنی وەزیران بۆ پەسەندکردنی.